# تۆتالیتاریزمی ڕۆحی و ئەرکەکانی ڕۆشنگەریی هاوچەرخ




# زاڵبوونی ئایدیالیزمی عەرەبی لای ئەمینداری یەکگرتوو

د. لوقمان ڕەئوف

کتێبی (تۆتالیتاریزمی ڕۆحی و ئەرکەکانی ڕۆشنگەریی هاوچەرخ) لەلایەن مەلا بەختیارەوە لە دووتوێی 285 لاپەڕە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، یەکێک لەو کتێبانەی کە تایبەتە بە ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، تایبەت بە کۆنگەرەی شەشەمی یەکگرتوو، کەلە 1 ـ2012/5/4 لە هەولێر بەسترا، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەم کتێبە تایبەتە بە باسکردن لەو مەغزا و وێنانەی کە ئەمیندار دەبوو لە کۆنگرەدا باسی بکات، بەڵام باسی نەکردوون و لەبری ئەوە ڕاپۆرتێکی گشتی و تەقلیدی وەک دواکار و بڕیاردان لەسەر دوورکەوتنەوەی ناچاری خوێندەوە، لە بەرامبەریشدا چەپڵەڕێزانی ئەندامانی کۆنگرە و چاوپۆشین لەو کەموکۆڕییانەی ڕاپۆرتەکە و حزبەکە، وەک وەفایەک بۆ حزب و سەرکردە، بەمەش ئامانجی سەرەکیی حزب لە کۆنگرەی شەشەمدا بوو بە قۆچی قوربانی.

نوسەر لەم کتێبەدا و لە بەشی یەکەمدا باس لەو فریودانانەی کە راپۆرتەکە لەخۆی گرتوون دەکات، بەوەی بۆ ئەوەی کەموکۆڕییەکان بکەونە ژێر لێوەوە و باشترین پاساوی شەرعیشی بۆ بدۆزێتەوە، ئەمیندار زاراوەی (قەدەری یەکگرتوو ئەوەیە، کە کۆنگرە کەوتووەتە کات و ساتێکی ...) بۆ بەکارهێناوە، کەواتە ئەوە کات و ساتەکەیە وایکردووە کە کۆنگرەکە کەموکورتی هەبێ، نەک یەکگرتوو کەموکورتی هەبێت، لە کاتێکدا خۆیان بە باشترین و بە سەرکەوتووترین کۆنگرەیان لە هەرێمدا دانا، کە بۆ یەکەمجار بەم شێوەیە سازکرابێت، ئەگەر قەدەرەکەی نالەبارە، ئەدی ئەم سەرکەوتنە چ قەدەرێکە؟ بۆیە نوسەریش جەخت لەسەر ئەم زاراوەیە و بەکارهێنانی لە مێژوویی ئیسلامدا دەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە قەدەر ئەمەی دیاریکردووە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و ئەوەی یەکگرتووش، بە هەمان شێوە بەو ناوەڕۆک و مەغزایە بڕیاری لەسەر دراوبوو، کەوایە گلەیی لە کۆیدا جێگەی دەبێتەوە.

بەو مانایەی لەلایەک یەکگرتوو لە سایەی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا حزبێکی ئایدۆلۆژی ئایینی دروستکردووە و بەڕەوای حەقی دەزانێت ئەندامی زۆری هەبێت و بچێتە دەسەڵاتەوە، بەڵام دەسەڵات بە مافخۆر و دیکتاتۆر وەسف بکات، لە کاتێکدا کۆنگرەی یەکگرتوو ئەوەی سەلماند لە ناوخۆی حزبدا ئەم مەسەلەیە زۆر خەستر ە، کەچی یەکگرتوو بەهێزێکی چاکخواز و دیموکراسی و دڵسۆزی هەرێم دەزانێت.

بەدەرلەمەش تاوەکو ئێستاش یەکگرتوو بە ئایدیالیزمی عەرەبییەوە دەڕوانێتە کورد و عەرەب زاڵدەکات بەسەر کەسایەتییەکانی تری دوورگەی عەرەبیدا، لە کاتێکدا عەرەب سەرەچاوەی سەرەکیی کێشەکانی ناوچەکەن.

بەو مانایەی لەگەڵ ئەوەی حزب بە سەربەخۆ دەزانێت، بەڵام تاوەکو ئێستا کوردیش بە پاشکۆ دەزانێت و عەرەب باڵاتر دەکات. لەسەرووی ئەمانەشەوە ئیخوان دەکاتە هێزێکی ئیسلامی لە جیهاندا و یەکسانی دەکات بەهێزی فریادڕەس، لە کاتێکدا ئیخوان چەندین ساڵە لە میسردا پەراوێز خراوە و خودی ئەم پەراوێزخستنەش گەشەی پێدەبەخشێت، بەڵام ئەمڕۆ ئیخوان ئەو پێناسەیەی بەخشی، کە دەبوو زووتر پیشانی دابایە، بۆیە ئەو چارەنووسەی بە پیرییەوە هات، کە دەبوو بهاتایە.

هەروەک مارتن نیموللر لە شوێنێکدا نموونەی ئەوە دێنێتەوە، کە بێدەنگ بووە لە هەڵکوتانە سەر کۆمۆنیستەکان، یەکێتیی کرێکاران، یەهودییەکان...تاد چونکە خۆی لەوان نەبووە، بەڵام دواتر کە هەڵدەکوتنە سەرخۆی و هاوار دەکات تاوەکو فریای کەون، بەڵام کەس بەدەنگییەوە ناچێت، چونکە لەبیری چووە کەس نەماوە تا فریای کەوێت، چونکە پێشتر بە هاواری کەسەوە نەچووە، کەواتە ئیخوانیش بە هەمان دەرە چووە و یەکگرتووش دووچاری هەمان چارەنووس دەبێتەوە، مادام ئەو دەگاتە بنەما و مێژوو و روانینی خۆی، بۆیە نوسەریش لە لاپەڕە (49) دا دەڵێت (ئەمینداری حزبەکەی لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو، بەناوی ئیسلامی میانڕەوی ریفۆرمخوازەوە، تاوانە ئەنجامدراوەکان نەیهەژاندوون و هەروەکو گوتمان لە سەرەتای ساڵی 1972 هەتا ساڵی 1994 بیست و دوو ساڵی رەبەق لە چاڵە بەفری خۆپارێزیدا خۆیان رچاندبوو).

بۆیە باسکردن لە میانەڕەوی لە قۆناغێکدا هێزی دەسەڵات نەبوو، دروستە وەک لە راپۆرتی ئەمینداردا هاتووە، کە لەم بیست ساڵەی دواییدا بووژانەوەی رەوتی ئیسلامی میانەڕەو بوو، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی دەسەڵاتدا توندوتیژی یەکسانە بە چەند و چی؟! هەر لەم روانگەیەوە نووسەر هەوڵدەدات مێژووی ئیخوان و روانینی ئەم رەوتە بۆ ژیان و ئەدای کارکردن و دەسەڵات بەپێی مێژوو بخاتەڕوو، بۆیە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئیخوان لە بنچینەدا میانەڕو نەبوون، بەڵکو



مەلا بەختیار

قۆناغ و هەلومەرجەکە کردوونی بە میانەڕەو لەسەردەمی مورسیش ئــەوەی سەلماند، بە واتــا وەک ئەمینداری گشتی دەڵــێ، ئیخوان ئەرکێکی بەرپرسیاریەتی مێژوویی لەسەرشانە، چــاوەڕێ نەبوو بۆی بێتە پێش، کــەواتــە ئەمینداری گشتی هــەرزوو چــاوەڕێــی ئەم شکستەی ئیخوان بـــوو، چونکە ئیحوان ئەرکێکی تری هەبوو، نەک گرتنەدەستی دەسەڵات.

بەمانایەکی تر ئیخوان پێیوابوو لەبەرئەوەی چەندین ساڵە موبارەک لە دەسەڵاتدایە و ئیخوان زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، ئەوە مانای وایە هەرچی ئیخوان دایبنێت خەڵکی پێیڕازییە، بەڵام لەوە بێئاگا بوو کە خەڵکی میسر ژیان و ئازادی و ئارامی و ئاسایشی دەوێت، نەک دەســەڵاتــی حوکمڕانی، بۆیە لە کەمترین مــاوەدا ئیخوان بیری لە جێبەجێکردنی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی خۆی و مەرامەکانی کردووە، نەک دابینکردنی خزمەتگوزاری و خۆشیی خەڵکی میسر.

خاڵێکی تری پۆزەتیڤی ئەم کتێبە کارکردنە لەسەر ئەو چەمکانەی، کە ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو بەبێ خستنە بەر تیشکی بەها و بایەخ بەکارهێنان و نوسەر بەپێی شوێن و دێڕەکان لێکدانەوەی بۆ کردوون، لێرەوە ئــەوە دەردەکــەوێــت، کە راپـۆرتـەکـە ئــەوەنــدەی کارکردنە لــەســەر تەست و دەروون، نیو ئەوەندە دوان نییە لەگەڵ لۆژیک و عەقڵ.

لەلایەکی تریشەوە وتارەکەی ئەمیندار ئەوەندەی جەختکردنەوەیە لــەســەر ئۆپۆزسیۆن و رۆڵــی لە دەســەڵاتــی سـیـاسـیـدا، ئــەوەنــدە بـاسـکـردن نــەبــوو لــەو مـێـژووە سیاسیەی کە ئۆپۆزسیۆنی دروستکرد و پــارێــزگــاری دەکـــات و فێری ئــەوەی کـــردووە، کە بەبێ ترس کار لەسەر دەسەڵات بکات، لەپێناو بەرژەوەندیی حزبی خۆیاندا، بەو مانایەی ئەمیندار نە بە کەم و نە بە ئاماژە، باس لەو کەش و دەسەڵاتە سیاسیەی کە بۆ ئەو رەخساوە تا دروست بێت و گەورە بێت ناکات، بە ئەندازەیەک منافەسەی دەسەڵاتی بەرهەمهێن بکات، بۆیە خودی ئەم راپۆرتە خوێندنەوەی ســەردەم و هەلومەرجە و لەپێناو گەورەبوونی حزب و فراوانی حزبیدایە، یان بە واتایەکی روونتر بەرزکردنەوەی مـەعـنـەویـاتـی یـەکـگـرتـووە لـەم کۆنگرەدا، چونکە ئەمیندار زۆر بە وردی ئــاگــاداری خەتەکان و ئەرکەکانی جیابوونەوە، بۆیە بەم نەفەسە نووسیویەتی.

یەکگرتوو دەبێت ئــەوە باش بزانێت، ئەگەر خەڵکی یەکگرتووشی قـبـوول بـێـت، لــەبــەرئــەوەی تا ئێستا هەڵوێستی شەڕەنگێزی بۆ دەرنەکەوتووە، نایەوێت دەسەڵات بگرێتە دەســـت، ئــەگــەر وا بیر بـکـاتـەوە، ئــەوا چــارەنـووسـی لە ئیخوان باشتر نابێت.

ئەگەرچی ئەمیندار تا قۆناغی سەرکردەیی، خۆی بە قۆناغێکی گــەشــە و بـــــرەوی یـەکـگـرتـوو دەزانێت، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتوو لە سایەی سەرکردەکانیدا خاوەن چەندن باڵە و لەناو خوی کۆنگرەشدا، کە دەبوو باڵی ریفۆرم زۆرترین دەنگی بهێنایە، چونکە وابــاوە ریـفـۆرم ئامانجی حزبە، بــەڵام، بە پێچەوانەوە کەمترین دەنگ باڵی ریفۆرمخوازەکان هێنایان و لە کۆنگرەدا دەرکران و تۆران، بۆیە یەکگرتوو بـەنـاو دوچــاری چەمکی ئیسلامی بــووە، ئەگەرنا یەکگرتوو حزبێکە باڵێکی توندڕەو لە قۆناغێکی ناچاری میانڕەویدا کار دەکات و خاوەن چەند باڵێکی ململانێی حزبیە و ئێستاش چەندین کــادری بـوونـەتـە قوربانیی ئەم باڵباڵێنە، کە ئەمیندار شانازی پێوە دەکــات، کە خاوەنی نییە، بۆیە دەبوو ئەندامانی کۆنگرە بەو پەخشە راستەوخۆیە چەواشە نەکردایە و تــەواوی کێشە ناوخۆییەکانی پێیی چــارەســەر بـکـردایـە، کـە ئەمەش زیرەکترین هەنگاوی ئەمیندار بوو، بۆ نەهێشتنی شەڕی باڵەکان لەناو کۆنگرەدا، بۆیە دەبوو ئەم هەنگاوە نـووسـەرانـی یەکگرتوو خۆیان بیانهاویشتایە، لەبەرئەوەی خرایەڕوو، نەدەبوا بنرایە، بەڵام بۆ ناسینی پەیام و ئایدیۆلۆژیا و وێنا و روانینی سیاسی و ئایینی یەکگرتوو، نوسەر ئەم هەنگاوەی ناوە و دەیەوێت حەقیقەتی کۆنگرە و باڵەکان و بـارودۆخـی سیاسیی یەکگرتوو بەوردی بناسێنێت.

کـەواتـە یەکگرتوو بۆیە ئەم سیاسەتەی لە کۆنگرەدا گرتە بەر، بۆ ئــەوە بــوو خـــۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی و ئەو پێناسەیە بخاتەڕوو، کە تاکە حزبە دەتوانێت شەفافیەت بهێنێتە گۆڕێ، بەڵام ئەوەی لەبیر چووەتەوە، تاوەکو ئێستاش قوربانیی و دامەزراندن لەناو یەکگرتوودان نــەک بە تەزکیەی گشتیی حزب ناکرێت، بەڵکو بە تەزکیەی تایبەتی و کەسە بەرپرسەکان دەبێت.



**کارل مارکس**

**تێزەکان دەربارەی فیۆرباخ**

فیۆرباخ بە بیرکردنەوەی پەتی ڕازی نەبووە
پەنای بۆ لێوردبوونەوەی هەستیی دەبرد



**لادان و ئەفراندن**

**ژان ژینییە بە نموونە**

**١٩١٠ - ١٩٨٦**

# فکر



**دیموکراسی و**

**کاریگەریی پەرەسەندنی**

**چینی ناوەند**